www.kurdistannet.org
03/04/2002 00:37

# سێزدەبەدەر

حامید درودی

یەکێک لەو جێژنانەی کە ساڵ لە دوای ساڵ بە شکۆیەکی زۆرترەوە پیرۆز دەکرێ نەورۆزە و ئەویش رێورەسمی سێزدەبەدەری بەدوواوەیە کە ئەمیش هەر بە شکۆیەکی زۆر لە لایەن چەند نەتەوە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی کوردەکانەوە بەڕێوە دەچێ. هەموو ساڵ سەرلەبەیانی رۆژی سێزدەبەدەر خەڵکی شار و گوند روو دەکەنە دەشت و مەزرا و بناری کێوەکان و هەتاکوو ئێوارەیەکی درەنگان ناگەڕێنەوە، ئەم کارەش بۆیە دەکەن کە گوایە لەم رۆژەدا بەم جۆرە، نەحسی ساڵی نوێی لەگەڵ خۆیان دەبەنە دەرەوە و بە قەوڵی خۆیان رەوانە یان "بەدەر"ی دەکەن. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراوە سێزدەبەدەر یەکێک لە کۆنترین جێژنەکانە کە پێش ئاینی ئیسلامیش لە وڵاتی ئێمەدا هەر باو بووە و خەڵکی گرنگی یەکی زۆریان پێداوە. بەڵام بەداخەوە وەک زۆر شتی دیکە رێورەسمی ئەم ڕۆژەش لە لایەن خەڵکی پارچەکانی کوردستانەوە بە شێوەی جۆراو جۆر بەڕێوە دەچێ و لە هەر بەشە تایبەتمەندی خۆی پێداوە و ئەویش پێوەندی بە رژیمی دەسەڵاتداری ئەو بەشەوە هەیە، بەڵام خاڵێک کە هەموو لە سەری سوورن ئەوەیە کە ناوی ئەم ڕۆژە پێوەندی بە ژمارەکەیەوە (١٣) وە هەیە و لەبەر ئەوە بە رۆژێکی نەحس بەژمێردرێ. هەر لەبەر ئەم نەحس بوونەیە کە خەڵک لە ماڵ دەڕۆنە دەرێ و هاتووچۆی کەس ناکەن و پێیان خۆش نیە کەسیش لەم رۆژەدا هاتووچۆیان بکا. سەرەڕای ئەوە کە خەڵک زۆر لە نەحس بوونی سێزدەبەدەر دەترسێن و لەم رۆژەدا ماڵی خۆیان بە جێ دێڵم و روو لە کێو و دەشت و دەر و نێو سروشتی سەرسەوزی بەهار دەکەن. ئەگەریش کارێکی نابەدڵیان لەم ڕۆژەدا بۆ پێش بێ پێوەندی بەم رۆژە نەحسەوە دەدەن، بەڵام لاوەکان بەتایبەتی کچەکان لە نێو سروشتدا لە ڕۆژی سێزدەبەدەردا گەڵای گیاکان بە نیازی بەربوونی بەخت و تووشبوونیان بە هاوسەرێکی باش و دڵخوازی خۆیانەوە گرێ دەدەن و نیازی دڵی خۆیانی بۆ باس دەکەن. بێگومان ئەم کارانە و تەنانەت نەحسی رۆژی سێزدەبەدەریش لە لایەن هێندێک کەس بە گاڵتە و بیروڕایەکی پروپووچ دێنە ژماردن.

هەرجۆرێک بێ و مرۆڤ هەر جۆرێک لە سەر ١٣ و سێزدەبەدەر بیر بکاتەوە، رەنگە باش بێ بزانین بۆ سێزدەبەدەر وەک رۆژێکی نەحس ناوی داوەتەوەو.

هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد، لە جیهاندا خەڵکێکی زۆر باوەڕیان بە نەحسی ئەم رۆژە هەیە و تێدەکۆشن هەموو رووداوە نابەدڵەکانیان پێوەندی بدەن بەم رۆژەوە، دیارە ئەمە تەنیا سێزدەبەدەر ناگرێتەوە، لە راستیدا ژمارەی ١٣ لە خۆیدا لە کۆمەڵی کوردەواری و لای زۆر نەتەوەی دیکە بە نمرەیەکی ناپەسەن دادەنرێ، هەر بۆیەش کاتێک مەڕدار و جوتێرەکانی کوردستان بەرهەمی خۆیان دەژمێرن، کە دەگەنە ژمارە ١٣ لە جێگای ئەم ژمارە دەڵێ "زیادە" یان "١٠ و ٣"!

ئەو خەڵکانەی ئوروپا و ئامریکاش کە سەفری زۆر دەکەن زۆر بە دەگمەن ئامادەن رۆژی ١٣ مانگ سەفەر بکەن، یان لە نێو ئەو نەتەوانەی کە باوەڕیان بە نەحسی ١٣ هەیە کەمیان ئامادەن لە تەبەقەی ١٣ی هوتێلێکدا دیوێک بە کرێ بگرن، هەر بۆیە زۆر جار خاوەن و بەرپرسانی هوتێلەکان مەجبوور دەبن تەبەقەی ١٣ی هوتێلەکەیان بکەن بە رەستوران و هەمبار، هەروەها میوانەکانیش تێدەکۆشن ژمارەی دیوەکانیان شتێکی دیکە بێجگە لە ١٣ بێ. لە ئێران و هێندێک شوێنی دیکەدا بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کەسێک ماڵەکەی لە ماڵی ژمارە ١٣ی شەقامێکدا بێ و رازی بێ ژمارەی "١٣" وەک پلاکی ماڵەکەی بە دەرکەوە هەڵواسرێ، بۆیە لە جێگای ١٣ دەنووسن ١+١٢ تاکوو بەم جۆرە وەبەر نەحسی ١٣ نەکەون.

نەحسیی ژمارە ١٣ لە نێو خەڵکی ئوروپا و ئامریکا و بە گشتی ئەوانەی باوەڕیان بە مەسیحیەت هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رووداوە کە لە رۆژەکانی کۆتایی ژیانی پەیامەبەرەکەیاندا رووی دا.

©Kurdistan Net

لەم پێوەندیەدا "هەنگامە غورج" لە وتارێکدا دەنووسێ: لاینگرانی مەسیحیەت لەو باوەڕەدان کە لە کاتی خواردنی نانی شەودا، حەزرەتی مەسیح بە هاوڕێکانی وتووە: یەکێک لە ئێمە ١٣ کەس خەیانەت دەکا. ئەو کەسەش "یەهودا" بوو کە لەگەڵ سەربازە رۆمیەکاندا، قەراری دانابوو کە دەست و شانی حەزرەتی مەسیح ماچ بکا و سەربازەکانیش بەم ناونیشانەدا مەسیح بناسنەوە. "یەهودا"ش بەوجۆرەی کە لە کۆبوونەوەکەدا قەوڵی دابوو، کاتێک سەربازە رۆمیەکان هاتن، دەست و شانی مەسیحی ماچ کرد و سەربازەکانیش بەم جۆرە ناسیانەوە و گرتیان کە دواتریش چوارخشتەیان کێشا و لە سەلیبیان دا. ئێستاش خەڵکی ئینگلیز بە خەیانەت کردنی کەسێک بە هاوڕێکانیی دەڵێن "ماچی یەهودا".

بەڵام نەحس بوونی ١٣ زۆر لەمە کۆنترە و لە نێو میسریە کۆنەکان و "فنقیەکان"یشدا هێندێک نیشانە لە نەحس بوونی ١٣ دەبینرێ. بەڵام ئەوەی کە وەک رۆژ روونە، تاکوو ئێستا هیچ دەلیلێکی عیلمی و تەجرەبەیەکی زانستی لە سەر نەحس بوونی ١٣ نیە و رەنگە لەبەر ئەوە بێ کە ناتوانین ئەم ژمارە بە سەر هیچ ژمارەیەکی دیکەدا دابەش بکەین!

بە بڕوای من سێزدەبەدەر نەک هەر رۆژێکی نەحس نیە، بەتایبەتی بۆ لاوەکان رۆژێکی زۆر خۆش و بەهارییە، کە لەو رۆژەدا خەڵکی نان و پێخۆر لەگەڵ خۆیان دەبەن و بە دڵێکی شادەوە لە گوێی ئاو و کانیاوەێکدا دادەنیشن و سفرەی خۆیان دەڕازێنێنەوە و لە سەر سفرەش سەوزە گیای وەک پوونگە و کوزەڵەی تەرچکی تازە لە ئاوی ساردا دەرهێنرا لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە گیزە گیزی کتریە رەش سەفایەکی دڵنشین بە کۆڕەکە دەدا، لە تەنیشت ئەمانەش تۆزێ لەولاترەوە، کیژ و کوڕ رەش بەڵەک دەگرن و لاوێکی دەنگ خۆش گۆرانیان بۆ ئێژێ و ئەوانیش پڕ بە دڵی خۆیان پێ بە عەرزدا دەکوتن و هەڵپەڕکێی "فاتاح پاشایی"، "چەپی" و "گەریان" هەڵدەپەڕن و بەم جۆرە تاسە و کوڵی دەروونی خۆیان دادەمرکێنن و جار جارەش چاوەبڕکە و دوو قسەی دڵداری گۆڕینەوە تام و جێژێکی لە بیر نەکراو بە رۆژی سێزدەبەدەر دەدا. زۆر سەیرە خواردنێک کە خەڵکی لای ئێمە ئەمڕۆ لە بیری ناکەن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ سەیرانی سێزدەبەدەر "هێلکە"یە، لە هەمان رۆژیشدا لە نێو مەسیحیەکان (بەتایبەتی لە سکاندیناڤی) دا جێژن و پشووی "عید پاک"ە کە هێلکە و مریشک و جووجەڵە، رازێنەرەوەی ئەم جێژنەن، تۆ بڵێی ئەمانە لە کۆنەوە یەک نەبوون!

٢٧٠٢/١/١٣ کوردی